# هەرکەسێک جیهاد نەکات یان ئامادەکاری بۆ موجاهیدێک نەکات یان شوێنگرەوەی نەبێت بە سەرپەرشتیاری کردنی کەسوکاری لە خێر وچاکەدا؛ ئەوا خوای گەورە تووشی کارەسات وناخۆشی دەکات لە پێش ڕۆژی قیامەت

لە ئەبی ئومامەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «هەرکەسێک جیهاد نەکات یان ئامادەکاری بۆ موجاهیدێک نەکات یان شوێنگرەوەی نەبێت بە سەرپەرشتیاری کردنی کەسوکاری لە خێر وچاکەدا؛ ئەوا خوای گەورە تووشی کارەسات وناخۆشی دەکات لە پێش ڕۆژی قیامەت».
[حەسەنە] [ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە هاندانی تێدایە بۆ جیهادکردن ورزگارکردنی خەڵک وخاکەکان لە کوفر وشیرک وبت پەرستی، وهەروەها ئاماژەکردنی تێدایە بۆ سزای وازهێنان لە جیهاد کردن لە پێناو خوای گەورە لە دونیا وقیامەتدا یان وازهێنان لە یارمەتیدانی موجاهیدان بەهەرشێوەیەک بێت لە دابینکردنی کەرەستەکانی جەنگ وسەرپەرشتیاریکردنی خاوخێزانیان لە کاتی دەرچوونیان، ئەگەر کەسێک لە کاتی بەرپابوونی جیهاددا وازی لەم شتانە هێنا ئەوا تووشی کارەساتی گەورە دەبێت بەهۆی کەمتەرخەمبوونی لە سەرخستنی ئاینی خوای گەورە.



النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee